# ناوەڕۆك


06
وتاری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

07
وتاری بەڕێز موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

08
ناساندن، پەیام، دیدگە، سیاسەتی جۆری

10
دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی 2024

11
داتای سێکتەرەکان

12
سێکتەری ئاسایشی خۆراك

16
سێکتەری کەلوپەلی ناخۆراکی

20
سێکتەری پەروەردە و پەرەپێدان

30
سێکتەری تەندروستی

36
سێکتەری پاراستن

40
سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ و پەرەپێدانی پاك و خاوێنی

42
سێکتەری ژیانەوانی

46
سێکتەری پارمەتیی نەختێنەیی

50
سێکتەری بەڕێوبردن و هەمەهەنگیی کەمپەکان

52
سێکتەری پەناگە

56
پرۆژە بەردەوامەکان

62
هاوبەشەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

# دیداری سەرۆک بارزانی لەگەڵ کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی





# وتاری سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی



## هێما و سیمبۆڵێکی گەشی بەخششی مرۆیی

**مەسرور بارزانی**

جێی دەستخۆشی و شانازییە کە دەزگای خێرخوازیی بارزانی، ئەمڕۆ بووەتە خاوەن پێگەیەکی سەنگین و جێی متمانە لە ناو ڕێکخراو و ئاژانس و دەزگا خێرخوازییەکانی ناوچەکە و جیهان. بێگومان بەدەستهێنانی ئەو متمانەیە، بەرهەمی کاروانی خزمەتگوزاریی و خێرخوازی و بەخشینی بەردەوامی ئەو دەزگایەیە لە کوردستان و جیهاندا، کە ڕۆڵێکی دیار و پێشەنگی لە کاری چاکەخوازی و کۆمەککردن و بەهاناوەچوون و یارمەتیدانی لێقەوماوان هەیە لە هەر شوێنێک بن.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی ، ئەمڕۆ وەک دامەزراوەیەکی گەورەی نیشتمانیی و مرۆیی ، یەکێکە لە سیما و سیمبۆڵە گەش و جوانەکانی کوردستان لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی مرۆیی و بەخشش و میهرەبانی و لە ئامێزگرتنی خەڵکی کەمدەرامەت و هەژار و هەموو ئەوانەی پێویستیان بە هاوکاریی و یارمەتییە بە بێ گوێدانە ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینییان چییە.

ساڵی ڕابردووش، وەک هەمیشە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی، چەندین پرۆژەی گرنگی خێرخوازی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێشکەش کردووە، وەک دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان وەک کەلوپەلی خۆراک و جلوبەرگ، دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان ، بایەخدان بە کەرتی تەندروستی و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکان و دابینکردنی پێداویستیی پزیشکی ، دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆر و ئەنجامدانی پرۆژەی نۆژین و دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمدەرامەتان و هەروەها پێشکەشکردنی سەدان یەکەی نیشتەجێبوون بۆ بنەماڵە و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و سەدان پرۆژەی گرنگی دیکە.

بێگومان ئەنجامدانی ئەم پرۆژە گرنگانە بە هاوکاری و یارمەتیدانی خێرخوازان و بەخشەرانی ناوخۆیی و پشتیوانیی ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکان و هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بووە . بۆیە لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنیان بۆ دەخوازم و دڵنیایان دەکەمەوە، کە هاریکاریی و پشتیوانییەکانیان، ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەیە لە باشترکردنی دۆخی دەیان هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان بە گشتی .

هەروەها سوپاس و دەستخۆشیم هەیە بۆ سەرۆک و سەرجەم کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و هەوڵ و ماندووبوون و کارکردنی دڵسۆزانەیان بەرز دەنرخێنم .

هیوادارم دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەجێگەیاندنی ئەرکی پیرۆزی خۆی لە پێشکەوتن و بەخششی بەردەوامدا بێت.

# وتاری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی



## متمانە بنەمایە

**موسا ئەحمد**

چەمکی متمانە پرۆسەیەکی گرنگە بۆیە مرۆڤەکان لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانییان لەگەل هەستکردن بە بوونیان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هەنگاو دەنێن بۆ بەدەست هێنانی متمانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەرکەوتنی رۆژانەیان لەگەڵیدا هەیە،وەک متمانەی دایک و باوک و دەوروبەر و کەس و کار و متمانەی کارکردن و متمانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.
لەهەموو ئەو بەریەککەوتنانە هەبوونی متمانەی بەهێز جگە لەوەی چێژ بەخشە لە ژیانی رۆژانەدا لەلایەکی ترەوە گەرەنتی داهاتوویەکی جوانت بۆ مسۆگەر دەکات.
چەمکی متمانە بە یەکێك لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی کاری مرۆیی هەژماردەکرێت لە نێوان دەزگا خێرخوازییەکان و خەڵکی بەخشەر و سوودمەندان، متمانە لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و گوێگرتن لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵك و پێشکەشکردنی خزمەتی بێبەرانبەر و دادپەروەرانە دروست دەبێت.
بناغەی بەردەوامبوونی کاری مرۆیی بریتییە لە دروستکردنی متمانیەکی پتەوەی نێوان هاوبەشان و بەخشەران و تا ڕێژەی متمانە زیاتر بێ مەودای کارو خزمەت فراوانتردەبێت.
( منداڵ بووین دایکم بۆی باس دەکردین دەیگوت: مەلا دەڵێن پردی سیرات لە تالی موو باریکترە و لە دەمی شیر تیژترە بۆ گوناهباران، بەڵام بۆ خۆشەویستانی خودای مێهرەبان جادەیەکی پان و بەرینە). بۆ کاری مرۆییش ئەگەر متمانە هەبێ مەیدانێکی فراوان و کارێکی ئارامبەخشە، وە ئەگەر متمانەش نەبوو، بەردەوامبوون تا سەر نابێت
بە شانازییەوە دەڵێین: لە ماوەی ١٨ ساڵی کاری مرۆییدا، زۆر لە وڵاتانمان بینی، زۆر ڕێکخراومان بینی و بەشداری گەلێك کۆنفرانس و کۆنگرەی جیهانی و نێودەوڵەتی بووین، دەرەنجام گەیشتین بەو ڕاستییەی کە کوردستانیان کەسانێکی زۆر مرۆڤ دۆست و بەخشەندە و خێرخوازن، بۆیە شانازی بەو خەڵکەوە دەکەین ئەوان سەرچاوەی بەردەوامی و هەڵکشانی دەزگایی خێرخوازیی بارزانین ، چونکە متمانەی ئەوان بە دەزگای خێرخوازیی بارزانی دڵگەرمی کردووین لەسەر خزمەتکردن و وای کردووە بەردەوام بین و ساڵ دوای ساڵ بە پرۆژەی گەورەترەوە خزمەتی مرۆڤایەتی بکەین.
چەندە دڵخۆشکەرە کە لە ماوەی کارکردنمان دا چەندین ڕێکخراو پاڵپشتی و هاوبەشی خۆیان پێراگەیاندووین و هەوڵی رژدیانداوە کە لەگەل ئێمەدا بە هاوبەشی کاربکەن.لە پێناو پێکەوە کارکردن بەردەوامی دان بە پرۆژەی هاوبەش چەندین جار ئامانجی کارکردنیان گۆریوە.تەنانەت هاوبەشیان کردووین لە دەرەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستانیش کە ئەمەیان هەنگاوێکی زۆر دەگمەنە لە وڵاتێکی تر کاری هاوبەش لەگەل دەزگایەکی وڵاتی سێیەم بکەی.
هەمدیسان چەندە جێی شانازیە سەرمایەدارێک کە چەند بەزەحمەت سەرمایەیەک کۆ دەکاتەوە،بۆ بەخشین پێش ئەوەی روو لە خزم و کەسوکار بکات روو لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەکات تا بیکاتە پردی متمانەیی نێوان خۆی و کەسانی شایستە و کەمدەرامەت و هەموو ئەمانە تروپکی متمانەن، سوپاس بۆ هاونیشتیمانیانی خۆشەویست، سوپاس بۆ کارمەندانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، سوپاس بۆ دامەزرێنەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ئەو رێبازە جوانە کە فێریان کردووین راستگۆبین و پردی متمانە پێکراو بین بۆ کوردستانیانی خۆشەویست.

## ناساندن

دەزگای خێرخوازیی بارزانی، دەزگایەکی ناحکوومی و ناسیاسی و قازانج نەویستە، لە ساڵی 2005 لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان – عێراق دامەزراوە و بەڕێز "مەسرور بارزانی" سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی دەزگاکەیە. لە ژێر وتەیەکی "مستەفا بارزانی" کە دەفەرموێت: "شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت"، دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەستی بە کارکردن کردووە. مۆڵەتی کارکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق وەرگرتووە. هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2016 مۆڵەتی کارکردنی پێ دراوە. لە کۆبوونەوەی مانگی نیسانی ساڵی 2016 ی ئەنجومەنی کارگێڕی و هەماهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەك ئەندامی ڕاوێژکاری لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی"ECOSOC" قبووڵ کرا.

لە ساڵی 2019 لە وەزارەتی دەرەوەی کوەیت وەك ڕێکخراوی خێرخوازیی دانی پێدا نرا. دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە مانگی 4ی ساڵی 2020 بە فەرمی لەلایەن کۆمیسیۆنی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی بەریتانیاوە مۆڵەتی کارکردنی پێ درا. کارە مرۆییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی سنووری هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقی تێپەڕاندووە، لە هەر یەك لە وڵاتانی "تورکیا، سووریا، سربیا، ئوسترالیا، سعودیە، بەنگلادش، لوبنان، یەمەن، باشووری سودان"، خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە. پرۆژەکانی دەزگا لە ڕێگەی "سپۆنسەر، بەخشەر و دۆنەرەکان پاڵپشتی دەکرێن بە مەبەستی فەراهەمکردنیی خزمەتگوزاریی باشتر بۆ ئاوارە، پەنابەر، خەڵکی خۆجێی و کەسانی کەمدەرامەت.

## پەیاممان:

پەیامان:
گەیاندنی خزمەتگوزاری و هاوکاریی مرۆیی لە پێناو ئاشتی و ئارامی و پاراستنی ژینگە و مرۆڤایەتی.

ڕوانینمان:
بینینی جیهانێکی بێ هەژاری، کە تیایدا مرۆڤەکان لە خزمەتگوزاریی پێویست بۆ پەروەردەیەکی بونیادنەر لە ژینگەیەکی پارێزراودا، بە یەکسانی سوودمەند دەبن.

# سیاسەتی جۆری

دەزگای خێرخوازیی بارزانی پابەند دەبێت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە خێرخوازییە مرۆییەکان بە دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ سوودمەندانی دەزگا وەك: (ئازیزان – منداڵانی بێباوک)، بێهاوژینان، ئاوارە و پەنابەران، هەژاران، خاوەن پێداویستییانی تایبەت و کەسانی کەمداهات، بە شێوازێك لە ئاست ڕەزامەندیی سوودمەندبووان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت و، هاوتا بێت لەگەڵ یاسا و ڕێسا بەرکارەکان، بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە کاریگەرییان لەسەر دەزگا هەیە، بە پشتبەستن بە سیستەمی کارگێریی جۆری، بە جۆرێك لە ئاست داواکارییەکانی تایبەتمەندی ستانداردی نێودەوڵەتی "ISO 9001:2015" بێت، هاوکات کارکردنی بەردەوام لەسەر چاککردنی سیستەم.


ZERTIFIKAT | CERTIFICATE | CERTIFICAT | CERTIFICADO | СЕРТИФИКАТ | شهادة | 证书 | 인증서

CERTIFICATE

TÜV AUSTRIA

Management System as per
EN ISO 9001 : 2015

In accordance with TÜV AUSTRIA procedures, it is hereby certified that

BCF
BARZANI CHARITY FOUNDATION

BARZANI CHARITY FOUNDATION
HEAD OFFICE: 120, Highway, Hawler Nwea, ERBIL, KURDISTAN REGION, IRAQ
SITE: Barzani Charity Foundation Tenahi, DUHOK, KURDISTAN REGION, IRAQ

Applies a Quality Management System in line with the above Standard for the following Scope

PROVIDING CARING, TRAINING, EDUCATIONAL SERVICES AND FINANCIAL SUPPORT FOR ORPHANS, WIDOWS, AND PEOPLE WITH SPECIAL NEEDS.

Certificate Registration No.: **20001220007973** Valid until: 2025-11-23

Maria Agapitou
Head of Management Systems & Products Certification Division
Certification Body
at TÜV AUSTRIA

Athens, 2022-11-24

This certification was conducted in accordance with TÜV AUSTRIA auditing and certification procedures and is subject to regular surveillance audits.

TÜV AUSTRIA HELLAS
429, Mesogeion Ave.
GR-153 43 Athens, Greece
www.tuvaustriahellas.gr

IAF ESYD MS Certification No. of Certificate 236

CePRK478_A1e

Headquarters in Athens bear the responsibility of the Certification decision


026679-17-3


# دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی 2024

دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە ساڵی 2024 بە هاوکاری و هاوبەشیی خێرخوازان و سەرمایەدارانی ناوەخۆ و ڕێکخراوە مرۆییەکان توانیویەتی لە 10 سێکتەری کاری مرۆیی، هاوکاریی جۆراوجۆر پێشکەشی (432,706) خێزان بکات، کە دەکاتە(3,124,416) کەس.


99 پڕۆژە و چالاکییە ئەنجامدراوەکان

23 پڕۆژەی بەردەوام




## چالاکییەکان چۆن کراون




## جۆری سوودمەندان

## چالاکی و پرۆژەکان بە پێی سێکتەرەکان:

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی 2024 سەرەڕای جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی گرنگ و بەردەوام لە شوێن و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، عێراق و وڵاتان، هاوکات لە 10 سێکتەری کاری مرۆیی وەکو: (ئاسایشی خۆراک، کەلوپەلی ناخۆراکی، ئاو و ئاوەڕۆ و پەرەپێدانی پاک و خاوێنی، پەناگە، پەروەردە و پەرەپێدان، ژیانەوانی، یارمەتیی نەختێنەیی، پاراستن، تەندروستی و بەڕێوەبردن و هەماهەنگیی کەمپەکان)دا کاری کردووە.

### سودمەندان بە پێیی سێکتەرەکان

| | | |
|---|---|---|
| NFI کەلوپەلی ناخۆراکی | 7,267 | 348,439 |
| پەناگە | 629 | 2,962 |
| پاراستن | | 7,349 |
| ئاو و ئاوەڕۆ پەرە پێدانی خاوێنی | 12,048 | 61,258 |
| ژیانەوانی | 17 | 15,086 |
| بەڕێوبردن و هەمەهەنگیی کەمپەکان | 281,602 | 1,294,763 |
| پەروەردە | | 75,320 |
| ئاسایشی خۆراك | 125,315 | 682,445 |
| یارمەتیی نەختێنەیی | 5,828 | 43,357 |
| تەندروستی | | 593,437 |


## 1- سێکتەری ئاسایشی خۆراک:(Food Security)

ئەم سێکتەرە بەپێی ڕێنماییەکانی پرۆگرامی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) کار لەسەر دابینکردنی خۆراك دەکات لە کاتی ڕوودانی هەر کارەساتێکی مرۆیی دەستکرد و سرووشتیدا. دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە کاتی کارەساتەکاندا لە ڕێگای دابینکردنی ژەمە خواردنی گەرم، سەبەتەی خۆراک، خۆراکی تازە و...هتد، خزمەتگوزاریی مرۆیی لەم سێکتەرەدا پێشکەشی کەسانی لێقەوماو دەکات.


دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی (2024) بە هەماهەنگی و پاڵپشتیی بەخشەر و خێرخوازانی ناوخۆیی و وڵاتان و ڕێکخراوی مرۆیی لەم سێکتەرەدا توانیویەتی هاوکاری پێشکەش بە (125,315) خیزان و (682,445) کەس بکات.

(125,315) (682,445)

سوودمەندان بەپێی وڵاتان



## جۆری سوودمەندان




## سوودمەندان بەپێی شوێنەکان

| ژ. کەسی سوودمەند | ژ. خێزانی سوودمەند | شوێن |
|---|---|---|
| 10,000 | 2,000 | بەغداد |
| 226,300 | 43,260 | دهۆک |
| 63,273 | 14,281 | سلێمانی |
| 1,540 | 389 | عەفرین |
| 42,839 | 8,542 | کەرکووک |
| 79,937 | 14,431 | نەینەوا |
| 6,550 | 1,310 | هەڵەبجە |
| 231,756 | 36,867 | هەولێر |
| 20,250 | 4,235 | ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان |

## پڕۆژەکانی سێکتەری ئاسایشی خۆراکی

- **پڕۆژەی مانگی ڕەمەزان :**

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە ساڵی (2024 ) بە هاوبەشی لەگەڵ بەخشەران بڕی (32,617) سەبەتەی خۆراکی لە هەولێر، دهۆک، سلێمانی ، هەڵەبجە، کەرکووک، گەرمیان بە سەر خێزانی کەمداهات و قوتابیی بەشەناوخۆییەکان دابەش کردووە.

- **پڕۆژەی دابینکردنی 700 سەبەتەی خۆراک بۆ خێزانی کەمداهات:**

ئەم پڕۆژەیە لە لایەن ڕێکخراوی (الرجا و سلام ) پاڵپشتی دەکرێت بۆ خەڵکی کەمداهات لە دەڤەرێ شنگال کە بە شێوەی بەخشین بڕی 700 سەبەتەی خوراک دەبەخشنە دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە مەبەستی هاوکاری کردنی لە سنوری پارێزگای موسل/ شنگال


- **پڕۆژەی گۆشتی قوربانی 2024:**

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز، بە هاوبەشی لەگەڵ مانگی سووری ئیماراتی و بەخشەری دەرەکی و ناوخۆیی ساڵانە پڕۆژەی دابەشکردنی گۆشتی قوربانی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، ئازیزان، خاوەن پێداویستی تایبەت، ئاوارە، پەنابەر و خەڵکی خۆجێی هەرێمی کوردستان و عێراق جێبەجێ دەکات. ژمارەی سوودمەندانی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە (17،719) خێزان.



- پڕۆژەی سەبەتەی هیوا لە دەستی میهرەبان

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای زێڕ (6329 ) سەبەتەی خۆراکی بۆ (6329) خێزانی هەژار و کەمداهات لەم شوێنانەی خوارەوە دابینکرد: هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە، کەرکووک، گەرمیان.



## سێکتەری کەلوپەلی ناخۆراکی (NFI)

ئەم سێکتەرە بە شێوەیەکی گشتی پێکدێت لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان وەك (کەلوپەلی چێشتخانە، کەلوپەلی زستانە، پێخەف، بەتانی، دۆشەك، جلوبەرگ، ئامێرەکانی گەرمکردنەوە، ساردکردنەوە و سووتەمەنی ).
دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە چوارچێوەی ئەم سێکتەرەدا، بایەخی زۆری بە پڕکردنەوەی کەم و کورتییەکانی ژیانی خێزانی هەژار و کەمداهات داوە، لە ڕووی دابینکردنی پێداویستیی ناوماڵ خزمەتێکی بەرچاوی بە چین و توێژی کۆمەڵگەی خۆجێی و ئاوارە و پەنابەران کردووە. لەم سێکتەرەدا توانیویەتی هاوکاری پێشکەش بکات بە:

(7,267)

(348،439)

### سوودمەندان بە پێی شوێنەکان

| شوێن | ژ. خێزانی سوودمەند | ژ. کەس سوودمەند |
|---|---|---|
| دهۆک | 1,604 | 239,187 |
| سلێمانی | - | 110 |
| عەفرین | 412 | 2,125 |
| کەرکووك | 110 | 611 |
| نەینەوا | 1,940 | 79,928 |
| هەڵەبجە | 42 | 168 |
| هەولێر | 2,859 | 24,796 |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 300 | 1,514 |

## پڕۆژەکانی سێکتەری ناخۆراکی:

- **پڕۆژەی زستانێکی گەرم :**

لەم پڕۆژەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان 1,100 سوپای گەرمکەرەوە بۆ قوتابخانەکانی هەولێر، دهوک، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و زاخۆ دابین کران. ئامانجی ئەم پڕۆژەیە دەستەبەرکردنی کەشێکی ئارام و گەرم بۆ قوتابیی بوو. لەم پڕۆژەیە 15,000 قوتابی و مامۆستا سوودمەند بوون.






## -پڕۆژەی دابەشکردنی نەوت لە ناوچە شاخاوییەکان:

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاریی کەسایەتیی بەڕێز نەهرۆ ڕواندزی، هەڵمەتی دابەشکردنی بڕی 144،000 لیتر نەوتی سپی ئەنجام دا ، پڕۆژەکە دەڤەری سۆران بە گشتی و بەتایبەت ناوچە شاخاوییەکانی سنووری ( سۆران، چۆمان، رواندز، سیدەکان) دەگرێتەوە، بۆ هەر خێزانێک 50 لیتر نەوتی سپی دابەشکرا کە تێدا 2،880 خێزان سوودمەند بوون.

- پڕۆژەی هاوکاری کردنی زیانلێکەوتووانی لافاو

ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانەی کە لە ئەنجامی لافاو لە دهۆک، زاخۆ، هەڵەبجە، رزگاری و کەلار زەرەرمەند بوون. دەزگای خێرخوازیی بارزانی کەلوپەلی ناو ماڵ، گەرمکەرەوە، جلوبەرگ، کەلوپەلی چێشتخانەی بۆ (1,664) خێزان دابینکرد.



## سێکتەری پەروەردە و پەرەپێدان (Education & Development)

ئەم سێکتەرە بایەخ بە بواری پەروەردە و فێرکردن و پەرەپێدان دەدات.  پێکدێت لە: (دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە، دابینکردنی پێداویستیی قوتابخانە، جانتا و پەڕاوگە و پێداویستیی خوێندن، کردنەوەی خولی بەهێزکردنی زمانەکان و خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری، خولی هۆشیاریی پەروەردەیی و... هتد).

لە ساڵی 2024 دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە چوارچێوەی گرنگیی کەرتی پەروەردەیی و بە مەبەستی پاڵپشتی لە بواری پەروەردە و فەراهەم کردنی ژینگەی لەبار بۆ قوتابیان بایەخی زۆری بەم سێکتەرە داوە لە ڕووی جێبەجێکردنی پرۆژەی جۆراوجۆر، کە

**(75,320 ) قوتابی سوودمەند بوون**



- پڕۆژەکانی سێکتەری پەروەردە

- پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە، و یارمەتیدانی وەزارەتی پەروەردە بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگایی
(Stirling foundation), Dutch flower, LDSی ئەمریکی و بەڕێز احمد ماجدی 50 قوتابخانەی لە سنووری پەروەردەکانی ( هەولێر 15 قوتابخانە، دهۆک 14 قوتابخانە، سۆران5 قوتابخانە، شنگال 2 قوتابخانە، نەینەوا 5 قوتابخانە ، زاخۆ 4 قوتابخانە ، کەرکوک 5 قوتابخانە)ی نۆژەنکردنەوە.
لە ڕێگای ئەم پڕۆژەیە (13,951) قوتابی سوودمەند بووە.
ساڵی 2022 : پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ( 204 ) قوتابخانە
ساڵی 2023 : پڕۆژەی زیاتکردنی ( 131 ) پۆلی خوێندن
ساڵی 2024 : پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ( 50 ) قوتابخانە

ژ. سوودمەندان بە پێ شوێنەکان

| شوێن | ژ. سوودمەند |
| --- | --- |
| دهۆک | 15,680 |
| سلێمانی | 13,477 |
| سەلاحەدین | 1,722 |
| عەفرین | 738 |
| کەرکووک | 2,468 |
| نەینەوا | 11,332 |
| هەڵەبجە | 375 |
| هەولێر | 24,209 |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 5,319 |

- پڕۆژەی دابینکردنی کارەبا لە ڕێگای وزەی خۆر

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە پاڵپشتیی دەزگای (Stirling foundation)ی ئەمریکی و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەی دابینکردنی کارەبای لە ڕێگای وزەی خۆر، وەکو پڕۆژەیەکی گرنگی پەروەردە و ژینگەیی لە 10 قوتابخانەی سنووری پارێزگای هەولێر جێبەجێکرد.



- پڕۆژەی دروستکردنی قوتابخانەی گورگەچیا

بە مەبەستی بەرفراوانکردنی پڕۆژەکانی سێکتەری پەروەردە، دەزگای خیرخوازیی بارزانی پڕۆژەی قوتابخانەیەکی 6 پۆلی دروستکرد بە کابینە لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە/لە گوندی گورگەچیا جێبەجێکرد بە گوژمەی (65،670) دۆلاری ئەمریکی، بەهۆیەوە 50 قوتابی لەم گوندە سوودمەند بوون.

- پڕۆژەی دابەشکردنی جانتا و پەڕاوگە و پێداویستیی قوتابخانەکان.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتیی هاوبەشەکان و بەخشەرە ناوخۆییەکان لە ساڵی 2024 چەندین پڕۆژەی بۆ دابینکردنی جانتا و پەڕاوگە و مێز و کورسی و پێداویستیی قوتابخانەکانی جێبەجێکرد.

جۆری دابەشکراو:

- دابەشکردنی جانتا و پەڕاوگە کە 16,514 قوتابی سوودمەند بوون.
- دابەشکردنی کەلوپەلی قوتابخانە (کورسی و مێز) کە تیایدا 1,941 قوتابی لێی سوودمەند بوون.
- دابەشکردنی پەرتووک 813 خوێنەر لێی سوودمەند بوون.



پەرەپێدان بەشێکە لە سێکتەری پەروەردە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ گەشەپێدان، بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و تواناکانی کارمەندان، دانیشتووانی کەمپ و خەڵکی خۆجێیی، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرجەم ئۆفیس و کەمپ و بەشەکان خولی تایبەت بە پەرەپێدانی تواناکان دەکرێتەوە، ئەو خولانەی لە بەشی سەرچاوە مرۆییەکان دەکرێنەوە بریتین لە: خولی زمانی ئینگلیزی، خولی بەڕێوەبردنی کات، خولی ئەتەکێت، هەروەها سیمیناری تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەرەنگاربوونەوەی تاوان ، دەستدرێژی ،خولەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی منداڵان، بەڕێوەبردنی پڕۆژە، خولی بودجە و چۆنێتی ئامادەکردنی، بەرنامەی ئەکسڵ، ئەم خولانە لە کەمپەکان بە مەبەستی بەهێزکردنی تواناکان و زیادکردنی هۆشیاریی تاکەکان دەکرێنەوە.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕێگای چەندین پڕۆژەوە گرنگی بە پەرەپێدانی توانا و هۆشیاریی تاک و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی خەڵکی داوە لە ڕێگای وۆرکشۆپ، سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی، سیمینار و ڕاهێنان، هەوڵی پەرەپێدانی تواناکانی ئاوارە،پەنابەر و خەڵکی خۆجێی داوە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک لەم پڕۆژانە و ژمارەی سوودمەندان دراون کە لە ساڵی 2024 جێبەجێ کراون:



## پڕۆژەکانی پەرەپێدان

- پڕۆژەی پشتەڤانیا قوتابیێن عەفرین ل ئەعزاز،

مەبەست لەم پڕۆژەیە یارمەتیدانی قوتابیانی عەفرینە کە لە زانکۆکانی ئەعزاز دەخوێنن،خۆشبەختانە دوای هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕێژەی قوتابیان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە ساڵی 2024, 125 قوتابی سوودمەند بوون .

- پڕۆژەی خەڵاتکردنی ئازیزانی سەرکەوتووی پۆلی 12

دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە خزمەتی چین و توێژە جیاوازەکان بکات،هەر بۆیە ساڵانە وەک نەریتێک ئەو قوتابی و قوتابییە ئازیزانەی کە لە پۆلی 12 کۆنمرەی سەروو (90)بە دەست هێناوە، خەڵات دەکات لەم پڕۆژەیەش 25 قوتابیی ئازیز سوودمەند بوون.

- پڕۆژەی هەشتەم خێوەتگای پەرەپێدانی مرۆیی

خێوەتگای پەرەپێدانی مرۆیی هەشتەم تایبەت بوو بە پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان کە تیایدا بۆ ماوەی 5 ڕۆژ (66) کەس ڕاهێنانی مرۆیی جۆراوجۆریان وەرگرت بە شێوەیەک کە بتوانن لە داهاتوودا خێوەتگەی مرۆیی بۆ پەنابەرانی دیکە بکەنەوە.



- پڕۆژەی پەروەردەیی ئازیزان و بێ هاوژینان

پڕۆژەی پەروەردەیی ئازیزان بریتییە لە پڕۆژەیەکی پەروەردەیی کە دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لە ڕێگەی سیمینار و خول و وۆرکشۆپ و هەروەها مۆبایل ئەپلیکەیشنی (Azizan) خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی دەخاتە خزمەت ئازیزان.لە ساڵی 2024 لەم پڕۆژەیە 4،734 ئازیز سوودمەند بوون.

- پڕۆژەی خولی ڕاهێنان و کارامەیی منداڵانی ئازیز

دەزگای خێرخوازیی بارزانی ساڵانە لە وەرزی هاوین و پشوودا چەندین خولی بەهێزکردن و فێرکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەر و لایەنی پسپۆڕ بۆ منداڵانی ئازیز دەکاتەوە،لەم پڕۆژەیەدا خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، پڕۆگرامسازی، مۆسیقا و شەترەنج بۆ 106 منداڵی ئازیز کراوە.

- پڕۆژەی ماڵی گرنژینی ئامێدی

ماڵی گرنژینی ئامێدی، پڕۆژەیەکە ئامانج لێی پشتگیریکردنی منداڵانی کەمئەندام و خێزانەکانیانە لە ڕێگەی دابین کردنی شوێنێکی شیاو کە تێیدا منداڵەکان لە لایەن ڕاهێنەری پسپۆڕ چاودێری دەکرێن و کەشێکی دۆستانەیان بۆ ڕێکدەخرێت، تا بتوانن پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ یەکتر هەبێت. ئەم پڕۆژەیە بە پێی ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ڕێکخراوی (کاریتاس)ی شاری ئیسن ئەلمانی دەستی پێکردووە و بەردەوامە، 159 کەس لەساڵی 2024 لێ سوودمەند بوون.






- پرۆژەی ناڤەندا بارزانی یا چاند و گەشەپێدان

ناڤەندا بارزانی یا چاند و گەشەپێدانێ،پرۆژەیەکە بۆ منداڵان و لاوان لە شاری عەفرین بە ئامانجی دابینکردنی ڕاهێنانی پیشەیی گشتگیر و هەوڵی پەروەردەیی بۆ منداڵان و گەنجانی زیانلێکەوتوو بە هۆی بوومەلەرزەوە. دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە پاڵپشتی خێرخوازان هەوڵی بەهێزکردنیان دەدات بە کارامەیی و زانیاریی پڕاکتیکی، بە جۆرێک کە توانای دامەزراندنیان بەرز بکاتەوە و بتوانن بەشداری بکەن لە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی دوای بوومەلەرزە. لەم پڕۆژەیە 213 کەس سوودمەند بوون .






- پرۆژەی پەروەردە و بنیادنانی توانا بۆ منداڵان و گەنجان و ئافرەتان (سەنتەرە ڕۆشنبیری و پیشییەکان)

دەزگای خێرخوازیی بارزانی له پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و سووریا 23 سەنتەری ڕاهێنانی پێشەیی هەیە کە کار دەکەن بە مەبەستی (پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی تواناکان، ڕاهێنانی فێرکاری ، خولی کارامەیی، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، وۆرکشوپ و چالاکیی تەرفیهی منداڵان ).

ژمارەی سوودمەندانی خولەکانی پیشەیی و ڕۆشنبیرییەکان لە سەنتەرەکان

(9,281) (9,633) (8,118)





## ژمارەی سوودمەندانی سەنتەرەکان

| سەنتەرەکان | ژ. کەسی سوودمەند |
|---|---|
| سەنتەری ماڵی گرنژینیی خەندە لە شێخان | 20 |
| سەنتەری ماڵی گرنژینیی ئامێدی | 159 |
| سەنتەری ناڤەندا بارزانی یا چاند و گەشەپێدانێ | 213 |
| سەنتەری جگەرخوێن | 12 |
| سەنتەری جەلادەت بەدرخان | 577 |
| سەنتەری گەنجان و خۆبەخشان | 1516 |
| سەنتەری بلێ | 303 |
| سەنتەریی پێکەوەژیان | 552 |
| سەنتەری تیرێژ | 1503 |
| سەنتەری تەناهی | 2413 |
| سەنتەری چەمشکۆ | 1086 |
| سەنتەری دەرکار | 1745 |
| سەنتەری ڕۆشنبیری نەینەوا | 220 |
| سەنتەری ڕەوشەن بەدرخان | 5836 |
| سەنتەری شنگال | 479 |
| سەنتەری شیلادزێ | 4058 |
| سەنتەری عوسمان سەبری | 673 |
| سەنتەری قەدری جان | 2382 |
| سەنتەری محەمەد شێخۆ | 1379 |
| سەنتەری محمەد مەهدی جەواهیری | 113 |
| سەنتەری نورەدین زازا | 499 |
| سەنتەری نەورۆز | 812 |
| سەنتەری هەڵەبجەی شەهید | 482 |

## سێکتەری تەندروستی (Health)

ئەم سێکتەرە بایەخ بە کەرتی تەندروستی و جەستەیی و دەروونی دەدات، لە ڕێگای دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بە پێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO. دەزگای خێرخوازیی بارزانی کار لەسەر دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستی و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خۆپاراستن لە نەخۆشییە گوازراوەکان و دروستکردنی نەخۆشخانە، پشکنینی پزیشکی، نەشتەرگەری، پێدانی دەرمان، دابینکردنی پزیشک ، دابینکردنی تیمی پزیشکیی گەڕۆک دەکات. لە ساڵی 2024 دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕێگەی بەخشەر و وڵاتانی هاریکاربەخش و ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە، ڕۆڵی گەورەی لە دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی بواری تەندروستی هەبووە.

(593,437)

### سوودمەندان بە پێ شوێنەکان

| شوێنەکان | ژ. کەسی سوودمەند |
|---|---|
| دهۆک | 342,230 |
| عەفرین | 2,363 |
| نەینەوا | 228,247 |
| هەولێر | 13,597 |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 7,000 |

## پڕۆژەکانی سێکتەری تەندروستی

- پڕۆژەی گواستنەوەی نەخۆش (ئەمبوڵانس)

ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە گواستنەوەی نەخۆش بە ئەمبوڵانس لە کەمپەکانی سنووری حەسەن شام و خازر بۆ نەخۆشخانە گشتییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و نەینەوا. ئەم پڕۆژەیە بە هاوبەشی لەگەڵ کەنیسەی کاتۆلیکی تویفنی سویسرا جێبەجێ دەکرێت، لەساڵی 2024 لەم پڕۆژەیە 525 کەسی نەخۆش سوودمەند بوون.



- پرۆژەی هاوکاریی پزیشکی

ئەم پرۆژەیە بریتییە لە هاریکاریی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکانی کەرتی حکوومی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دابینکردنی دەرمان،پێداویستی و ئامێری پزیشکی. گشت ئەم هاوکارییانە بە هەماهەنگی ئەم لایەنانەی خوارەوە دابین کراون.

- ڕێکخراوی MAIN نەرویجی،
- HPIC ی کەندەی،
- IEH ی ئەڵمانی و گوندی ئاشتی (peace village) لەم پرۆژەیەدا لە ساڵی 2024 ، 358,610 نەخۆش سوودمەند بوون.






- پڕۆژەی سەنتەری نایاب بۆ چارەسەری ئاڵۆز

ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە پڕۆژەیەکی گرنگی تەندروستی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و پەرەپێدانی چارەسەر و چاودێری بۆ ئەو نەخۆشانەی کە ناتوانرێت لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن، یان خانەوادەکانیان هەژارن و توانای چارەسەرییان نییە و بەهۆی دۆخێکی نەخوازراوی شەڕ و کارەساتی مرۆیی و سرووشتی بوونەتە ئاوارە،پەنابەر یان خەڵکی خۆجێین و لە دۆخێکی خراپی ئابووریدان. ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشییەکی دیاریکراوییان هەیە. لەم پڕۆژەیا پڕۆگرامی پزیشکی نێوان دەزگای خێرخوازیی بارزانی، ڕێکخراوی Swiss cross ، وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەی جەنابی مەلامستەفا بارزانی، بۆردی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکییەکان پۆلێن کراون. تاوەکو ئێستا زیاتر لە 755 نەخۆش بینراون و نزیکەی 300 نەخۆش چارەسەرکراون.



## - پڕۆژەی نەشتەرگەریی نەخۆشییە زگماکییەکانی دڵ

ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە پڕۆژەیەکی گرنگ بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و پەرەپێدانی چارەسەری و چاودێری بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشیی زگماکیی دڵیان هەیە و پێویستیان بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دڵ و چارەسەر هەیە لە تەمەنێکی زوودا. ئەم پڕۆژەیە بە هاوبەشی لەگەڵ کەنیسەی کاتۆلیکی تویفن/ سویسرا بۆ خەڵکی کەمداهات و هەژار جێبەجێ دەکرێت. لە ساڵی 2024 دا 10 منداڵ نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام دراوە. و پڕۆژەکەش بەردەوامی هەیە . سەرەتای پڕۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2021 و دەستپێکی پڕۆژەکە لەسەر ئەرکی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بووە.






BCF
BCF

## سێکتەری پاراستن (Protection)

ئەم سێکتەرە کار لەسەر بەهێزکردنی ئاسایشی جەستەیی و دەروونی و کەمکردنەوەی ترس بۆ ئەو کەسانە دەکات کە لە ژێر هەڕەشە و ترسدان لە ڕێگەی ڕاهێنانەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ، مافی منداڵان و ئافرەتان، بایەخی تەواو بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژیی سێکسی و تاوان و توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز دەدات. دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ڕێگەی سەنتەرەکانیەوە لەناو کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان، گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی کومەڵایەتی و پاراستنی ئافرەتان و منداڵان دەدات. هەروەها کار دەکات بە مەبەستی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژیی دەروونی و جەستەیی لە ڕێگای خولەکانی: ( بنەماکانی مافی مرۆڤ، مافی منداڵان و ئافرەتان، هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنیان لە توندوتیژیی ڕەگەزی و... هتد)

**(7,349)**

### ژمارەی سوودمەندان بە پێی شوێنەکان

| شوێن | ژ. کەسی سوودمەند |
|---|---|
| دهۆک | 260 |
| سلێمانی | 2 |
| کەرکووك | 4,032 |
| نەینەوا | 2,149 |
| هەولێر | 803 |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 103 |

## پڕۆژەکانی سێکتەری پاراستن

- سەنتەری ئیماراتی بۆ شیاندنەوەی منداڵانی ئۆتیزم

سەنتەرێکی نیمچە خێرخوازییە و تەواوی خزمەتگوزارییەکانی بۆ خەڵکی کەمداهات بێ بەرانبەر پێشکەش دەکات. لەم سەنتەرەدا چاودێری و ڕاهێنان و شیاندنەوە بۆ ئەو منداڵانە دەکرێت کە شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، 85 منداڵ لە ساڵی 2024 لەو سەنتەرە سوودمەند بوون.

- بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی دایک

کۆمەڵگەیەکە پێک دێت لە سەنتەری ئۆتیزم، خانەی بێسەرپەرشتان، خانەی بەساڵاچووان، پەیمانگەی نابینایان و نابیستتان، سەنتەری ڕۆژانە. لە سێکتەری پاراستن 9 سوودمەندی هەبووە.

- پڕۆژەی خاوەن پێداویستیی تایبەت

ئەم پڕۆژەیە دابینکردنی ئامێر و پێداویستییە جۆراجۆرەکانن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، 639 خاوەن پێداویستیی تایبەت سوودمەند بوون.

### سوودمەندانی پڕۆژەی خاوەن پێداویستیی تایبەت

| شوێن | ژ. کەسی سوودمەند |
|---|---|
| دهۆک | 193 |
| سلێمانی | 2 |
| کەرکووک | 32 |
| نەینەوا | 125 |
| هەولێر | 184 |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 103 |



## سێکتەری ئاو و ئاوەڕۆ و پەرەپێدانی پاکوخاوێنی (Wash)

ئەم سێکتەرە کار دەکات لە سەر دابینکردنی ئاو و خزمەتگوزاریی ئاوەڕۆ و بایەخدان بە بابەتی پاک و خاوێنی تاک و کۆمەڵگە.  لە چوارچێوەی ئەم سێکتەرەدا کار کراوە لە سەر (دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ماڵان، ڕاکێشانی بۆڕیی ئاو، لێدانی بیر، دروستکردنی خەزانی ئاو، لێدان و ڕاکێشانی ئاوەڕۆ لە کەمپ و دەرەوەی کەمپەکاندا و...هتد).

(12,048)

(61,258)

### ژمارەی سوودمەندان بە پێی شوێنەکان

| شوێن | ژ. خێزانی سوودمەند | ژ. کەسی سوودمەند |
|---|---|---|
| دهۆك | 235 | 1,308 |
| عەفرین | - | 500 |
| کەرکووك | 110 | 501 |
| نەینەوا | 2,195 | 10,769 |
| هەولێر | 9,508 | 48,180 |



## پڕۆژەكانی سێكتەری ئاو و ئاوەڕۆ و پەرەپێدانی پاكوخاوێنی

### - پڕۆژەی ئاوی پاک، تەندروستیی تاک

لە ئێستادا ماددەی پلاستێك بە یەكێك لە سەرچاوەكانی مەترسی دادەنرێت لە سەر ژینگە و مرۆڤایەتی ، بۆیە پێویستە هەنگاوێكی گەورە بهاوێژیت بۆ پاراستنی ژینگە و هەوڵدان بۆ دروستكردنی كاریگەری لە سەر كۆمەڵگە لە ڕێگای بەكارنەهێنانی پلاستیك و كۆتایی هێنان لە بەكارهێنانی بوتڵی ئاوی خواردنەوە .وەكو قوناغی یەكەم دەزگای خێرخوازیی بارزانی بڕیاری داوە، چیتر بوتڵی پلاستیكی بە كار نەهێنێت، ئەویش هەنگاوێكی گەورەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی تاک لە كۆمەڵگە و ڕێگریكردن لە زیانگەیاندن بە ژینگە.



### - پڕۆژەیی دابینكردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر

ساڵانە لە وەرزی گەرمادا بەهۆی كێشەی كەمبوونەوەی ئاوەوە، زۆرێک لە گەڕەكەكانی شاری هەولێر تووشی گرفتی بێئاوی دەبنەوە، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی نیگەرانیی دانیشتووانی شارەكە و نارەزایی دروست دەبێت، لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە دەزگای خێرخوازیی بارزانی رۆژانە 20 تانكەر ئاوی بەسەر گەڕەكە جیاوازەكانی شاری هەولێر دابەش كرد بۆ ماوەی 2 مانگ و نیو كە 9,100 خێزان لەم پڕۆژەیەدا سوودمەندبوون.

## سێکتەری ژیانەوانی (Livelihood)

ئەم سێکتەرە بریتییە لە پرۆگرامێکی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی تاك بە مەبەستی (فێرکاری، دروستکردنی بەهرە، رەخساندنی دەرفەتی کار و فەراهەمکردنی داهات بۆ تاك و خێزان لە کاتی قەیرانەکاندا). دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە رێگەی ناوەندەکانی رۆشنبیری و مەشقە پیشەییەکانیەوە، ساڵانە بە سەدان کەس بەشداری پێ دەکات لە خولەکانی (کۆمپیوتەر، دروومان، کارەبا، بەرهەمهێنانی خۆراك، کاری دەستی و...هتد)

(17) (15،086)

ژ: سوودمەندان بە پێی شوێنەکان

| شوێن | ژ. خێزانی سوودمەند | ژ. کەسی سوودمەند |
| --- | --- | --- |
| دهۆك | 4 | 6,074 |
| سلێمانی | 3 | 28 |
| کەرکووك | 1 | 4 |
| نەینەوا | 4 | 5,482 |
| هەڵەبجە | 1 | 3 |
| هەولێر | 4 | 3,495 |

## پڕۆژەکانی سێکتەری ژیانەوانی:

### پڕۆژەی هونەری دروومان

ئەم پڕۆژانە لە چوارچێوەی سێکتەری ژیانەوانی دەبنە دەرفەتێک بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، یان پەیداکردنی بژێویی ژیان. لە ڕێگای ئەم پڕۆژەیە و دوای ڕاهێنان شوێنێک لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئافرەتەکان فەراهەم دەکرێت کە تێدا دەتوانن کاری دروومانی جلوبەرگ ئەنجام بدەن و داهاتی ئەم پیشەیە وەکو سەرچاوەی ژیان بەکار بێنن، لەم پڕۆژەیەدا 9 کەس سوودمەند بوون.



## پڕۆژەی نۆژین

پڕۆژەی نۆژین یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە پشتگیری بەخشەرە ناوخۆییەکان جێبەجێ دەکرێت، بە مەبەستی دەستەبەرکردن و گۆڕانکاریی لە ژیانی ئەو خێزانانەی کە باری ئابوورییان باش نییە و کەمداهاتن. کۆی گشتیی سوودمەندانی ساڵی 2024 لە پڕۆژەی نۆژین سوودمەند بوونە 15 خێزانن کە هاوکارییەکانی ئەم پڕۆژەیە پێک دێن لە:

- کرینی یەکەی نیشتەجێبوون
- دابینکردنی کەلوپەلی ناوماڵ
- چارەسەری نەخۆشییە درێژخایەنەکان
- پرۆژەیەکی ژیانەوانی بچووک
- گەڕانەوە بۆ پڕۆسەی خوێندن
- چارەسەری نەخۆشی
- قەرزی کۆن



- پڕۆژەی سەنتەری ناوچنیانی سەوزە و میوەی وشککراو

ئەم پڕۆژەیە لە ناو کەمپەکانی پەنابەران جێبەجێ دەکرێت بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی LDSی ئەمریکی و لە کارگەیەکی بچووکدا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەکو: ( سێو، هەنجیر، مۆز، هەرمێ، پرتەقاڵ، لیمۆ، ترێ و هتد....) دەکرێت بە بەرهەمی وشککراو و لە بازاڕەکان دەفرۆشرێت. ئەم پڕۆژەیە دەرفەتی کارکردنی بۆ دانیشتووانی کەمپەکان لە چوارچێوەی سێکتەری ژیانەوانی فەراهەم کردووە کە وەکو سەرچاوەی داهات و بژێویی ژیان هەژمار دەکرێت. لە ساڵی 2024دا 10 کەس لەم پڕۆژەیە سوودمەند بوون



- پڕۆژەی کارگەی بچووک بۆ دروستکردنی سرکە

ئەم پڕۆژەیە دەکەوێتە سنووری شێلادزێ و ئامێدی و لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوبەشی لەگەڵ ڕیکخراوەی LDSی ئەمریکی پاڵپشتیی 50 ئافرەتی ئەم ناوچانە کرد بۆ دروستکردنی سرکە. لە دەستپێکی پڕۆژەکە 17 ئافرەت سوودمەند بوون. ئەم کارگە بچووکە دەرفەتێکی باشی کارکردنی بۆ ئەم خێزانانە پێکهێناوە کە لەم کارگەیە دەتوانن بەرهەمی خۆماڵی بە مەبەستی بە بازاڕکردن ئامادە بکەن، کە دەبێتە سەرچاوەی داهاتی و بژێویی ژیان بۆ ئەم خێزانانە.



## سێکتەری یارمەتیی نەختێنەیی (Cash Assistance)

ئەم سێکتەرە کار لەسەر پرۆگرامی دابینکردنی هاوکاریی ماددی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستیی سەرەتایی ژیان بۆ خێزانە لێقەوماو و کەمدەرامەتەکان دەکات. تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێکیان بە هۆکاری جیاواز ڕووبەڕووی نەبوونی و کەموکوڕییەکانی ژیان دەبنەوە، بەتایبەتی ئەو منداڵە ئازیزانەی بە هۆکارگەلێک باوکیان لە دەست دەدەن و بۆ هەتا هەتایە لە ناز و میهرەبانی باوک بێبەش دەبن و پێویستیان بەوەیە بەردەوام یارمەتی بدرێن لەڕووی پەروەردە و لایەنی دەروونی هاوکاریی دەروونی و هاوکاریی مانگانەیان پێشکەش بکرێت.

لە ساڵی (2024) دەزگای خێرخوازیی بارزانی، بە هاوکاریی کەسایەتیی خێرخواز و بەخشەر و وڵاتانی هاریکاربەخش و ڕێکخراوە جیهانییەکان، ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دابینکردنی هاوکاری بۆ منداڵانی ئازیز و ئافرەتانی بێهاوژین و کەسانی کەم داهات.

(5,828) (43,357)

ژ.سوودمەندان بە پێی پارێزگا

| شوێن | ژ. خێزانی سوودمەند | ژ. کەسی سوودمەند |
|---|---|---|
| بەیروت | 1,268 | 6,340 |
| دهۆک | 515 | 6,588 |
| سلێمانی | 496 | 4,882 |
| عەفرین | - | 338 |
| کەرکووك | 451 | 3,604 |
| نەینەوا | 722 | 4,902 |
| هەڵەبجە | 317 | 1,568 |
| هەولێر | 1,027 | 8,759 |
| ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان | 1,032 | 6,376 |

- پڕۆژەی هاوکاری نەختێنەیی ڕەمەزانی پیرۆز

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بڕی 400،000 دۆلاری ئەمریکی کە لەلایەن بەڕێز خالید خۆشناو(هێمن گرووپ) بەخشرابوو بە سەر 2,189 خێزانی کەمداهات لە ئاوارە، پەنابەر و خەڵکی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دابەش کرد، پڕۆژەکە لە هەریەکە لە هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە، کەرکووک، نەینەوا، شنگال و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان جێبەجێ کرا.

- پڕۆژەی هاوکاریکردنی زیانلێکەوتووانی لافاو

دوابەدوای شەپۆلی بارانبارینی چڕ کە بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، لە دەرئەنجامی ڕێژەی زۆریی بارانبارینەکە چەندین خانەوادە زەرەرمەند بوون و زۆربەی کەلوپەلی ناوماڵیان لە دەست دا. بۆ ئەم مەبەستە دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی 17 خێزانی زەرەرمەندی کرد لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە لە ڕێگای هاوکاریی کاش.

- پڕۆژەی زەکات

پڕۆژەی زەکات یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە بە هاوکاری و پاڵپشتیی بەخشەرەکانی ناوخۆیی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا جێبەجێ دەکرێت کە تێدا هاوکاری نەختێنە بە سەر خێزانە هەژارەکان دابەش دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەڵبژاردنی کەسانی هەژار. لە ساڵی 2024 لە چوارچێوەی پڕۆژەی زەکات 729 خێزانی هەژار و کەمدەرامەت بە بڕی 153،810،800 دیناری عێراقی هاوکاری کراون.

- هاوکاریی نەختێنەی بۆ هەژارانی هەولێر


ئەم پڕۆژەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ ژووری بازرگانیی هەولێر ئەنجام دراوە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، کە هاوکاریی نەختێنەیی بە سەر 400 خێزانی کەمدەرامەت و هەژار لە سنووری پارێزگای هەولێر دابەش کرا. بڕی ئەم هاوکارییە بریتیی بوو لە 100،000،000 دیناری عێراقی.

- پڕۆژەی هاوکاریی نەختێنەیی 19 خێزانی خاوەن نەخۆشی درێژخایەن

هاوکاریی نەختێنەیی یەکێکە لە پڕۆژەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە ساڵانە لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیە چەندین خێزانی کەمداهات و بە تایبەت ئەوانەی کە نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، هاوکاری دەکرێن بە مەبەستی دابینکردنی چارەسەر و پێداویستی نەخۆش. لەم پڕۆژەیە 19 خێزان سوودمەند بوون کە توانای دابینکردنی چارەسەری نەخۆشی و دەرمانیان نەبوو.

## - پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان

ئەم پڕۆژەیە  لە ساڵی 2009 دەستی پێکردووە بە هاوکاریی خێرخوازانی کوردستان، مانگی سووری ئیماراتی و ڕێکخراوە خێرخوازیەکانی دەرەوە، بە مەبەستی دابینکردنی هاوکاری مانگانەی ئازیزان (منداڵانی بێباوک) و بێ هاوژینان.  جگە لە هاوکاریی نەختێنەیی لە زۆر بواری جۆراوجۆر هاوکاری دەکرێن، لەوانە چارەسەری تەندروستی و تەنانەت نەشتەرگەریی قورس بۆ ئازیزان، دابینکردنی پێداویستیی قوتابخانە و جلوبەرگ، خەڵاتکردنی قوتابیانی یەکەم ، پێدانی سەبەتەی خۆراك و گۆشتی قوربانی و...هتد.





**لەخوارەوە داتا و زانیاریی زیاتر دەخەینەڕوو:**

**پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان – ئیمارات**
**کۆی گشتی: ئازیزی سوودمەند 11،775**
**پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان – کوردستان**
**کۆی گشتی: ئازیزی سوودمەند 3،554**
**پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان – خێرخوازیی پۆڵەندا:**
**کۆی گشتی: ئازیزی سوودمەند 28**

**(15،357)**

### سوودمەندی ئازیزان بە پێی شوێنەکان





## سێکتەری بەڕێوەبردن و هەماهەنگیی کەمپەکان (CCCM)

ئەم سێکتەرە پێکدێت لە بەڕێوەبردن و هەماهەنگیی کەمپەکان کە لە ژێر ڕێنمایی و بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیسارییای باڵای کاروباری پەنابەران(UNHCR) و ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان، بە مەبەستی فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتووانیی کەمپەکان کار دەکات. دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە چوارچێوەی ئەم سێکتەرەدا ئەرکی بەڕێوەبردنی کەمپی ئاوارە و پەنابەرانی لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و نەینەوا گرتووەتە ئەستۆ سوودمەندانی ئەم سێکتەرە بەم شێوەیە:

(1,294,763)

(281,602)

ئاماری دانیشتووانی کەمپەکان: لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا 30 کەمپ هەن کە لەم ژمارەیە 8 کەمپیان پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان (سووریا) و 22 کەمپیان ئاوارەی باشوور و ناوەڕاستی عیراقن کە لە دەستپێکی ساڵی 2013 پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە. لەم ژمارەیە 29 کەمپ لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوبەشی لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و کومیسارییای باڵای پەنابەران بەڕێوە دەچێت. ئاماری دانیشتوانی دەرەوە و ناوەوەی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران بەم شێوەی خوارەوەیە:




*ئاماری پەنابەران تەنها ژمارەی پەنابەری سووری لەخۆ دەگرێت.


## ئاماری کەمپەکان:

(40,196)


(191,386)

(30)

### ژمارەی ئاوارە و پەنابەر




### ئامار بە پێی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان






## - سێکتەری پەناگە (Shelter)

ئەم سێکتەرە لەسەر شێوازی نیشتەجێکردنی ئاوارە، یان پەنابەران لە کاتی قەیرانەکان کار دەکات، لەگەڵ دابینکردنی(خێوەت، کەرەڤانە، خانووی کۆنکرێتی، نۆژەنکردنەوەی خانووی ناوچە وێرانبووەکانی جەنگ، هۆڵی پێشوازی و حەواندنەوەی لێقەوماوان). دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی 2014 یەکەم کەمپی لە پارێزگای هەولێر بەڕێوە برد.

یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوە لە ژیان پاش دەستکەوتنی ئاو و خۆراک، پەناگەیە، واتە شوێنێک بۆ حەوانەوە و بەردەوامیدان بە ژیان و ڕزگاربوون لە ترس و شەڕ و دڵەڕاوکێیەکان و ئاسودەبوون لە نێو بنمیچێکدا کە پەناگەیە، جا ئەوە خێوەت بێت، یان خانوو، یان کەرەڤانە، گرنگ لە سەرما و گەرما و کەشوهەوای خراپ بیانپارێزێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە چوارچێوەی ئەم سێکتەرەدا بایەخی زۆری بە خزمەتگوزاریی دابینکردنی خێوەت و کەرەڤانە و خانوو بۆ لێقەوماوان داوە، لەوانە (دابینکردنی خانوو، دروستکردنی خانووی کەرەڤانە، دابینکردنی خێوەت و... هتد).

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ساڵی(2024) بە هاوبەشی لە گەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک و UNHCR و بەخشەر و خێرخوازان و وڵاتانی هاریکاربەخش و ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە، ڕۆڵی گەورەی هەبووە بۆ بەرجەستەکردنی ژیانێکی شایستە لە چوارچێوەی کەمپەکاندا بۆ(ئاوارە و پەنابەر و دانیشتووانی ناوخۆ) هەبووە.

(629) (2,962)

### سوودمەند بەپێی شوێنەکان

| شوێن | ژ. خێزانی سوودمەند | ژ. کەس سوودمەند |
|---|---|---|
| دهۆک | 68 | 216 |
| سلێمانی | - | 50 |
| نەینەوا | 2 | 14 |
| هەولێر | 559 | 2,682 |

**پڕۆژەکانی سێکتەری پەناگە**

- پڕۆژەی "گەڕانەوەی ژیان" دروستکردنی 20 خانوو لە شنگال ئەم پڕۆژەیە بە هاوبەشی لەگەڵ کەنیسەی کاتۆلیکی تویفن- سویسرا لە سنووری شارۆچکەی شنگال جێبەجێ کراوە. ئامانجی ئەم پڕۆژەیە هاندانی ئاوارە ئێزدییەکانە کە نیشتەجێی کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆکن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە شنگال. قوناغی یەکەمی ئەم پڕۆژەیە لە گوندی بۆراک- سنونی دەستی پێکرد و 20 خێزانی ئاوارەی کەمپەکان تێدا سوودمەند دەبن.



- هاوکاریی پەناخوازانی ئەفغانی

ئەم پڕۆژەیە بە هاوبەشی لەگەڵ Infinitus Salavator بە مەبەستی نێشتەجێکردنی پەناخوازانی ئەفغانی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێکرا بۆ ماوەی کاتی بۆ 19 خێزان کە دەکاتە 98 کەس لە پەنابەرە ئەفغانییەکان بۆ ماوەی چەندین مانگ لە ژێر چاودێریی دەزگای خێرخوازیی بارزانی گشت خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین کرا تا وەکو دواتر لە پرۆسەی resettlement بۆ شوێنی مەبەستی نیشتەجێبوونیان بگوازرێنەوە.





- نۆژەنکردنەوەی 540 یەکەی نێشتەجێبوون

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە مەبەستی خزمەتکردنی خێزانی سەربەرزی شەهیدان ئەرکی نۆژەنکردنەوە و دابەشکردنی 540 یەکەی نێشتەجێبوونی لە سنووری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە ئەستۆ گرت و دوای تەواوکردنی بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ ڕێزدار مەسرور بارزانی ئەم یەکانە بە سەر خێزانی شەهیدانی شەڕی داعش دابەش کران. 396 یەکە دەکەوێتە سنوری شارۆچکەی بنەسڵاوە و 144 یەکە دەکەوێتە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.





## پڕۆژە بەردەوامەکان (Ongoing projects)

- سەنتەری ئیماراتی بۆ شیاندنەوەی منداڵانی ئۆتیزم

سەنتەری ئیماراتی بۆ شیاندنەوەی منداڵی ئۆتیزم، یەکێکە لە پڕۆژەکانی سێکتەری تەندروستی و یەکێکە لە پڕۆژە بەردەوامەکان،ئەم سەنتەرە ماڵێکە بۆ منداڵانی ئۆتیزم کە بە مەبەستی فێرکردن و بەرەو پێش بردنی توانا و شیاندنەوەی مێشکی تووشبوانی ئۆتیزم لە ساڵی 2020 دامەزراوە، باڵەخانەی سەنتەری ئۆتیزم لە لایەن مانگی سووری ئیماراتیەوە دروست کراوە و پڕۆژەکە لە لایەن ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەندی دەکرێت،ساڵانە نزیکەی 60 بۆ 90 منداڵی ئۆتیزم لەم پڕۆژەیە سوودمەندن و بودجەی پڕۆژە لە ساڵی 2024 بریتیبووە لە (555.200.000IQD)، سەنتەری ئۆتیزم لە مانگی 12ی2020 بە فەرمی دەست بەکار بووە. سێکتەری تەندروستی بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەمیشە جێی گرنگی و بایەخدان بووە بەمەبەستی دروستکردنی چینێکی تەندروست و هۆشیار، ئۆتیزم نەخۆشییەکی زگماکیە و جۆرێکە لەپەشێوی و تێکچوونی گەشەی مێشك کە شێوان و تێکچوونی شێواز و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی و پەیوەندیکردنی منداڵ لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دەگرێتەوە و ڕێژەی تووشبوونەکەش لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، چارەسەرێکی بنبری نییە بەڵام لە ڕێگەی گرنگیپێدانی تایبەت و چەندین فێرکاری و ڕاهێنانی تایبەت، دەتوانرێت هاوکاریی منداڵی تووشبوو بکرێت کە بە شێوازێکی ئاسایی تێکەڵی کۆمەڵگە ببێت بە پێی ڕێژەی تووشبوونەکەی بە ئۆتیزم،سەنتەری ئۆتیزم تاکە سەنتەرە لە هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش کە ئەم سەنتەرە وەك ماڵێکی بنچینە دادەنرێت بۆ ئەم منداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیە و شێواز و تەکنیکی فێرکردن و ڕاهێنانەکان لەو پەری پێشکەوتنە و باشترین پزیشک و ستافی کارمەندان تێیدا خزمەت دەکەن، لێرەدا ئەم منداڵانە بە تەواوی هاوکاری دەکرێن بۆ فێربوون و ئاساییکردنەوەی باری تەندروستیی و ژیانیان، هەروەها پشتگیریی خێزانە کەم دەرامەتەکان و پشتگیری تەندروستیی منداڵەکانیان دەکرێت.



- پڕۆژە ئامرازەکانی خزمەتگوزاری و وۆرکشۆپەکان(Tool service)

پڕۆژەی ئامرازەکانی خزمەتگوزاری لە ساڵی 2017 لە لایەن (German Federal Agency for Technical Relief (THW)) دەستی پێکرد،بە دروستکردنی (4) سەنتەری توول سێرڤس لە کەمپەکانی (باسرمە،دارەشەکران،کەورگۆسک،قوشتەپە)، بەڵام لە مانگی (9) ی (2019) دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژەیەی خستە سەر ئەستۆی خۆی، لەو کاتەوە تا ئێستا (ڕێکخراوی شنەبای ئاشتی) کەرێکخراوێکی ئەمەریکییە فەندی ئەم پرۆژەیە دەکات وەکو بەشێک لەو پرۆژانەی کە لەلایەن (PRM) فەندەکانیان بۆ دابین دەکرێت، ئەم پرۆژەیە بۆ هەر کەمپێک لە دوو سە نتەر پێک هاتووە (توول سێرڤس،وۆرکشۆپ(وەرشە)،لە ئێستادا ئەم پرۆژەیە فراوانتر بووە و بۆ ساڵی (2024) لە (7) حەوت کەمپ خزمەتگوزاری پێشکەش بە پەنابەران کردووە. لە هەریەکە لە کەمپەکانی (باسرمە،قوشتەپە،دارەشەکران،کەورگۆسک،دۆمیز-١ ،دۆمیز-٢،گەویلان).لەم سەنتەرانە چەندین ئامێری بواری بیناکاری و کارەبایی و دارتاشی و ئاو و ئاوەڕۆ و هەروەها ئامێری کشتوکاڵی دابین کراون،کەپێداوستییەکانی خەڵکی ناو کەمپ پڕ دەکەنەوە،هەروەها ئەم وۆرکشۆپانە ناوەندێکی گونجاون بۆ کاری دروستکردن و چاککردنەوە و لەحیم و دارتاشی و ئاسنگەری، بۆ ئەوەی پەنابەران بتوانن کار لەسەر پرۆژەکانیان بکەن،لەم وۆرکشۆپانە مانگانە چەندان خولی دیاریکراو ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی پەنابەران بتوانن سوودمەند بن، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکان و پەیداکردنی کاری سەربەخۆ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان. بایەخی تەاوی پێدراوە. ئامانجی ئەم پرۆژەیە پەرەپێدانە بە سێکتەرەکانی ئاووئاوەڕۆ و شێلتەرەکان،هاوکاری و پاڵپشتیکردن،هەروەها دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی خزمەتگوزاری بە خۆڕایی بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی پەنابەران، فێرکردنی پەنابەران بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکان بە شێوازێکی سەلامەت و زانستییانە.



- چاودێری خاوەن پێداویستی تایبەت

دەزگای خێرخوازیی بارزانی پەناگەیەکی پڕ لە میهرەبانییە بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە و ئاوڕ لە هەموو جۆرە کەسێکی لێقەوما و هەژار دەداتەوە, بە هەموو توانایەوە کار دەکات بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاووڵاتیان و پەنابەران و ئاوارەکان و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ڕێگای پڕۆژەی چاودێری خاوەن پێداویستی تایبەت هاوکاری دەکرێن، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووی جەستەیی و دەروونی بەشێک لەو ئازار و مەینەتییانەی کە هەیانە کەم بکرێتەوە. ئەم پرۆژەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە پشتگیریی ڕێکخراوی LDS ی ئەمریکی بەشێکی سەرەکیی ئەو پێداویستییانەی کە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان پێویستییان پێیەتی دابین دەکات و ئەمەش ئەرکێکی گرنگی مرۆڤایەتییە کە دەزگای خێرخوازیی بارزانی خستوویەتییە سەر شانی خۆی و بەردەوام لە هەوڵی هاوکاری و خزمەتکردنە.

- پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان:


دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی تایبەتدا بە ناوی پڕۆژەی "چاودێری ئازیزان" کار دەکات بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر بۆ مندالانی بێباوک، بە شێوەیەک جگە لە هاوکاریی نەختێنەی کار دەکات بۆ ڕەخساندنی هەلی کار، ڕاهێنانی پیشەیی وەرگرتنی کۆرسی خوێندن لە زانکۆ و قوتابخانە نموونەییەکان بۆ ئازیزان. دەستپێکی ئەم پڕۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2011 کە بە هاوبەشی لەگەڵ مانگی سووری ئیماراتی دەست کرا بە هاوکاریکردنی منداڵانی ئازیز و تاوەکو ئێستا 11,775 کەس مانگانە لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری دەکرێن هەروەها لە ڕێگای خێرخوازانی کوردستان 3,554 کەس لەم هاوکارییانە سوودمەند دەبن.
کۆی گشتی ئەم هاوکارییانە بریتییە لە 4,575,145 دۆلاری ئەمریکی کە تێدا 15,357 ئازیز لێی سوودمەند دەبن.
پڕۆژەی چاودێریی ئازیزان بۆ ساڵی 2024 بریتییە لە پێدانی هاوکاریی نەختێنەی ئازیزان کە پێکدێت لە:
- ئازیزانی ئیمارات 11,775 ئازیز.
- ئازیزانی کوردستان 3,554 ئازیز.
-ئازیزانی پۆلەندا 28 ئازیز
کۆی گشتیی پارەکە 4,575,145 دۆلاری ئەمریکی بووە
ئەم پڕۆژەیە لە عێراق - هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان (عەفرین) جێبەجێ دەکرێت .

سەنتەری ئاوات بۆ چارەسەرکردن بە تیشک

ئەم پرۆژەیە بریتییە لە هاوکاریکردنی کارگێری بۆ تاکە سەنتەری چارەسەر بە تیشک لە هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان ، کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر تووشبووانی شێرپەنجە سوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەردەگرن ئامانج لەم پرۆژەیە .پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی شایستە بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی تووشبووانی شێرپەنجەیە. لەم ساڵدا 1,408 نەخۆش چارەسەریان وەرگرتووە.

- سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە مەبەستی خزمەتکردنی ئاوارە، پەنابەر و خەڵکی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکان، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی تاک و بەهێزکردنی تواناکانی تاک لە ڕێگای کۆمەڵێک خولی ڕاهێنان، وۆرکشۆپ و سیمینار هەوڵ دەدات دانیشتووانی کەمپەکان یان خەڵکی خۆجێیی لە بوارە جیاجیاکان سوودمەند بکات. پرۆژەی سەنتەرەکان، پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی دەزگای خێرخوازیی بارزانییە کە 23 سەنتەری ڕاهێنان لە خۆ دەگرێت لە کەمپەکان و نوێنەرایەتییەکان. ئامانجی سەرەکیی ئەم سەنتەرانە بریتین لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی تاک بۆ ئاشنابوونی خەڵک بە مافەکانیان لە چوارچێوەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی خێزان مافەکانی ئافرەت و منداڵان، خولەکانی زمانەوانەنی و فێرکاری بە مەبەستی دەستەبەرکردنی هەلی کار و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە خۆجێییەکان.



- کلینیکی گەڕۆک لە عەفرین

یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سووریا - عەفرین کە پێکهاتووە لە تیمێکی (5) کەسی، دکتۆری گشتی - دەرمانسازی - برینپێچ -شوفێر - لۆجستیکی) کە هەر ڕۆژێك سەردانی گوندێکی عەفرین دەکەن بۆ بینینی نەخۆش و برینپێچی و چارەسەری نەخۆشییە وەرزییەکان و پێدانی ڕێنمایی تەندروستی و دەرمان و ئەمساڵ 2,363 نەخۆش چارەسەر کراون.



## - کۆمەڵگای دایک

پڕۆژەی کۆمەڵگای دایک لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە ستانداردێکی نێودەوڵەتی و بە کوالێتییەکی زۆر بەرز لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی دروستکراوە کە پێکدێت لە شەش باڵەخانەی تایبەت(سەنتەری ئۆتیزم،خانەی بەساڵاچووان، خانەی بێسەرپەرشتان،خانەی کەلتووری،پەیمانگەی نابیستان و پەیمانگەی نابینایان). لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆمەلگای دایک ڕێزدار جەنابی سیداد بارزانی (نوێنەری جەنابی سەرۆك بارزانی)،وێڕای بە خێرهاتنی ئامادەبوون، گوتارێکی پێشکەش کرد و لە بەشێکی وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە : “ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ڕاسپاردە و بەدواداچوونی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی ڕێزدار جەنابی سەرۆك بارزانی بونیاد نراوە. ڕێزدار جەنابی سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو ئەم کۆمەڵگەیە بە ناوی دایك بێت، وەکوو وەفایەك بۆ دایکە حەمایل و سەرجەم دایکانی شەهید و ئەنفال و دایکانی جگەرسووتاوی کوردستان کە بەرگەی ڕەنج و زەحمەتی و ئاوارەییان گرتووە”. لە ساڵی 2024دا 38 کەس سوودمەند بوون.







# هاوبەشەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی

Peace Villages

CATHOLIC PARISH TEUFEN BÜHLER STEIN SWITZERLAN

MEDICAL AID INITIATIVE NORWAY

S I

Joint Crisis Coordination Centre - JCC

KIB

Galiawa

MASO GROUP HOLDING

ESC ERBIL STEEL COMPANY

Erbil Feed

Dutch Flower Foundation

اطباء السلام Doctors of Peace

CRS CATHOLIC RELIEF SERVICES

UNHCR The UN Refugee Agency

FRIEDENSDORF® INTERNATIONAL

FNC First National Company For Pre-fabricated Building Systems Design | Consultance | Construction

Fastlink

FALCON GROUP

Green Environment

HUMANBRIDGE

HAWKARY GROUP

DARIN GROUP LEADING THE WAY

HEBAA Foundation for Sustainable Development N.G.O. H.F.S.D

Medical World MW

Kani Bekhal Natural Spring Water

جمعية نهر الحياة

NEWROZ TELECOM

IEH

دەزگای خێرخوازیی بارزانی

BARZANI CHARITY FOUNDATION مؤسسة بارزاني الخيرية

1903 - 1979

BCF

BARZANI CHARITY FOUNDATION